# ئێمە لە خڕە بەردانمان لێ قەومایە

ئەحمەد ئەنوەر

"لە خڕەبەندانی لێ قەومایە" پەندێکی دەشتی هەولێرە بۆ ئەو کەسە دەگوترێ کە دەیەوێ لە دەستی نەیارەکەی رابکات، ئەگەر رانەکات تووشی مەترسی دەبێ، بەڵام کە رادەکات دەگاتە زەوییەکی پڕ لە گاشەبەرد ئەگەر بەردەوام نەبێ ئەوا نەیارەکەی دەیگاتێ، کە هەڵیش دێ لە ناوخڕەبەردان دەکەوێ و هەڵدەستێتەوە و لە کۆتاییدا هەر دەگیرێ! ئەو پەندە بۆ ئەو کەسە دەگوترێ کە دووچاری رەوشی سەخت و دژوار بێت کە لە خراپیان کەس ئێرەیی پێ نەبات.

ئەگەر بێژین ئێستاکە گەلەکەمان لە خڕەبەردانی لێ قەومایە ئەوا هیچ زێدەڕۆییەکی تێدا نییە، چونکە بەڕاستی ئێمە لە رەوشێکداین لە خڕەبەردانیش خراپترە!

خەڵکی کوردستان لە دوای راپەڕینەوە، بەئومێدی ئەوە بوو دەسەڵاتی کوردی کەمێك لە مەرگەسات و ئێش و ئازارەکانی سوك بکات، گوند و شارۆچکەکان ئاوەدان بکرێنەوە، زەوی و بەراوەکان بدرێنەوە خاوەکانی (جوتیاران) خۆیان، پرۆگرامی خوێندنی سەردەمی بەعس بۆ هەتاهەتایی تۆڕ بدرێ و پرۆگرامێکی نەتەوەیی هاوچەرخانە جێگەی بگرێتەوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان؛ حکومەتی خانەوادەی شەهید و ئەنفالەکان. حکومەتی رەنجدەر و کاسبکاران، حکومەتی خوێندکار و رۆشنبیران، حکومەتی تێکۆشەر و وڵاتپارێزان بێت. ئیدی لە وڵاتی ئێمەدا هەرکەسێك بە پێی دڵسۆزی و لێهاتوویی خۆی دەرفەتی بۆ برەخسێ و خزمەتی وڵات بکات. بواری خەڵکانی تەمبەڵ و مشەخۆر و ماستاوچی نەدرێ لە تەڕی بخۆن و لە وشکی بخەون، ئیدی شێوازی کار و ژیانی "رەفیق حزبی"یانە لەگۆڕ بنرێت و کۆتایی بە واسیتە و بەرتیل و گەندەڵی بهێنرێ، لەسەرووی هەمموو ئەوانەش خەڵکی هەولێر، دهۆك و سلێمانی چاو لەرێ بوون رۆژێك بێت بەعس بۆ یەجارەکی بڕوخێت و شەنگال، مەخمور، کەرکوك، خورماتوو و خانەقین بگەڕێینەوە باوەشی نیشتمان وبۆ هەتاهەتایێ ئاوێتەی یەکتر بین.

بەداخێکی زۆرەوە لە 13 ساڵی رابردوو کەمترین ئاستی ئەو داخوازیانە بەدی نەهات. ئیدی ئەم بەشەی وڵاتی ئێمە بووە موڵکی سەرکردایەتی هەردوو حزب و ئەوانیش بە کەیف و هەوەسیا بەسەر خۆیاندا دەیبەخشنەوە! ئەگەر جاران بەعس نان ئاو و جێگەی بەخەڵك دەدا بۆ ئەوەی بیانکاتە سەرباز و جەیشی شەعبی و شەڕیان پێ بکات، ئەوا دەسەڵاتدارانی خۆمان ئەوەش ناکەن! ئەوە نییە زۆربەی بەشە ناوخۆییەکانی خوێندکار و قوتابیانی زانکۆکانی سلێمانی و هەولێر خەریکە لە بێ ئاوی دەخنکێنن و بە پەرداخ ئاویان بەسەر دابەش دەکەن! ئەگەر دابینکردنی ئاو ئەوها بێ، ئەو چ باسی کارەبا و شتەکانی دیکە بکەین!

مونەزیرەکانی هەردوو حزب ئێمەیان کاس کردووە ئەوەندەی باس لە ئازادی سیاسی و ئازادی رۆژنامەگەری بکەن و هەر دەیانگوت هەقە ئێراق و ناوچەکەش سوود لەو ئەزموونەی هەرێمی کوردستان وەربگرن! ئازادی سیاسی و فرەحزبی لە کوردستانیش وەکو سوریای حافز ئەسەدە، پێویستە تەواوی حزبەکان؛ بە چەپ و راست، بە ئیسلامی و عەلمانیەوە چەپڵە بۆ حزبی قائید لێ بدەن و بەردەوام بۆ کڕنۆش بردن ئامادە بن. ئەدیب رۆشنبیر و بیریارانیش هەر دەبێ بە شان و باڵی سەرکردەی حەکمیدا هەر بڵێن و سەدپاتی بکەنەوە ئەگەر ئەو نەبێ؛ نەتەوە هەمووی لەنێو دەچێ! ئەگەر یەکێکیش رایەکی جیاوازی هەبێت، ئەوا یەکسەر بە نۆکەری ئیستعمار و زایۆنیزم تاوانبار دەکرێ! ئیدی زاتی ئەوەی نامێنێ جارێکیتر قسە بکات.

نازانم مونەزیر و ئینشانووسەکانی حزب باس لە کام دەسکەوتی مێژوویی دەکەن؟ باس لە کام سەفیری دیپلۆماسی دەکەن؟

تۆ بە خواستی، - خۆت هەردوو حزبی دەسەڵاتدار – کوردستان بەئێراق دەلکێنیتەوە، چارەنووسی کەرکوك بۆ دوو ساڵی دیکە هەڵدەپەسێری و وەزیری نەوتیش کە باوکی دۆستی دێرینی مام جەلال و کاك مەسعودە چەند رۆژێك لەمەوبەر 7 هەزار خانووی بەسەر کرێکاری عەرەبی هاوردەی کۆمپانیای نەوت تاپۆ دەکات، تۆ بە دەستی خۆت خاك و نەوت و ئاوی وڵاتەکەت دەخەیتە بەردەستی بەغدا! لە هەرێمەکەی خۆشتدا خەڵکەت لە بێ ئاوی، بێ کارەبایی، بێ عەدالەتی کوشتووە، دکتۆرێکی زانکۆت راپێچی زیندان کردووە، یەکێکی ترت فەسڵ کردووە، وەزیرێکت لەکار وەدەرناوە، لەگەڵ بەعسیەکانیش ئامادەی موسالەحەی نیشتمانی! کورد گوتەنی:" مەشکەی خۆت ناهەژێنی، مەشکەی مارێ میری دەهەژێنی". تۆ کە ئاو و کارەبا و سوتەمەنی بۆ خەڵکی هەولێر سلێمانی و کەلار دابین ناکەی، من چیت لێبکەم کە تۆ لە بەغدا لە غازی ئەولیاوەر و جەعفەری زیاتر کار بۆ وەحدەی ئێراقی دەکەی و دەیکەیەوە ئەندامێکی کارای جامیعەی عەرەبی!

ئێستاش کە لە هەڵبژاردنی 15/12/2005 نزیك دەبینەوە، داوا لە خەڵك دەکەن دەنگتان بداتێ، خەڵك بۆچی دەنگ بدات؟ بۆ ئەوەی زیاتر باشووری کوردستان بە ئێراق ببەستنەوە، بۆ ئەوەی تەعریبی کەرکوك بۆ 4 ساڵی دیکەش بەردەوام بێ، بۆ ئەوەی لە ناوچەکانی خۆشتان درێژە بە تاڵانی و گەندەڵی بدەن؟ بۆ ئەوەی خەڵك لە ترسان، لەسەرمان و لەبرسان بمرێت! ئاخر خەڵك دەنگ بەچی بدات؟ بۆ کام دەسکەوت، بۆ کام فیدراڵی جوگرافی و نەتەوەیی؟ بۆ کام ئازادی و دیموکراسی؟ ئەو ئازادی و دیموکراسییەی ئەوڕۆکە د. کەمال سەید قادر زیندانی دەکات، فەرهاد پیرباڵ تەئدیب دەکا؟ یان ئەوەی ماڵەکەی رێبوار سیوەلی دەسوتێنێ و فەتاح زاخۆیی فەسڵ دەکات؟

تاکەی لەسەر ئەو هەموو زوڵمە بەردەوام دەبن! تاکەی خانەوادەی شەهید و ئەنفالەکان لەبرسان رەنجەڕۆ دەکەن، کۆنەبەعسی و جاش و موستەشارەکانیش دەکەنە برا گەورە و سەری مەجلیسیان بۆ دادەنێین؟

خوێندکاران لە بێ ئاوی دەخنکێنن و کوڕەکانی خۆشتان لە باشترین زانکۆی ئەوروپی و ئەمریکی بخوێنێ؟ تاکەی بۆ خۆتان گوندی گەشتیاری ساز دەکەن و ئەو خەڵکەش کەلاوەیەکی نییە تێیدا نیشتەجێ بێ؟ تاکە بۆ خۆتان 5 ژنی شەرعی و ....... شەرعی دەهێنن و بە دەیان هەزار گەنجیش ناتوانێ خێزانێك پێکەوە بنێ؟ تاکە بۆ خۆتان بوتلی ئاوی تورکی دەخۆنەوە و خەڵکیش لە ئاوی بەلۆعەش بێبەش بێ؟ سەدان تاکەی دیش.....

گەلانی چەوساوەی وەکو کورد لە سایەی دڵسۆزی و کاروخەباتی تاقە سەرکردەیەك گەیشتنە ئازادی و ژیانێکی شایستە، ئێمە لە جیاتی یەکێك دوو سەرکردەمان هەیە، ئەگەر مام جەلال لە بەر بەغدا ناپرژێتە سەر کوردستان، ئەوا کاك مەسعود سەرۆکی هەرێمە و سوێندی خوارد کە بەرگری لە ماف و ئازادی دانیشتوانی هەرێم بکات. جەنابی سەرۆك، لە هەرێمەکەی ژێر دەستی ئێوە ئەو هەموو زوڵم و چەوسانەوە و نادادییە پەیڕەو دەکرێ، بە دەیان هەزار کەس رۆژانە مافیان ژێرپێ دەخرێت! من و هەزارانی وەك منیش سەرۆکایەتی تۆمان قەبوڵە جەنابی سەرۆك، بەڵام ئێوەش لە ئاست ئەو هەموو ناهەقیە هەڵوێستێك وەربگرن، بەرگری لە بەشخوراوان بکەن. ئەگەر ئێوە بۆ گێڕانەوەی کوردایەتی، ویژدان و عەدالەت و ڕێز و خۆشەویستی کار دەکەن ئەوا ئێمەش لە گەڵتاین و ئەو بێدەنگییە بشکێنە و ئاوڕ لەو گەلە هەژارە بدەوە کە بەڕێزتان بەناوی ئەوەوە سوێندتان خواردووە بەناوی ئەویشەوە قسە دەکەن.

ئەگەر ئەمانەش مەحاڵ بێت، خۆ دەتوانن داوا لە خەڵك بکەن بۆ خۆیان سەرۆکی دیکە هەڵبژێرن، ئەی لە دەستوورەکەی ئێراقدا نالێ "الشعب مصدر سلطات" واتە گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە، دەبا ئەو گەلەی سەرچاوەی دەسەڵاتە لە هەرێمەکەی خۆمان جێبەجێ بکەین و ئەوەندە چاوەڕێی بەغدا نەکەین.

ك.ك